نارین محمدی

ئه م رۆژنامه یه بووه به جێ نوێژێک و

هه ر رۆژ به جۆرێک نوێژی له سه ر ئه که م

ئه ی خودا،

ئه ی خودای، دوورو دریژ!

لاپه ره ی سێ پڕه له نووچه کانی ژنێکی ته نیا

وا هه موو رۆژێک خۆی ده سووتێنێت!

ئه ی خودا درێژه که ی به ر ماڵمان!

بۆ نامرێت؟

جارجار هه ست ده که م،

"خۆسوتاندن"

ئاخۆ چه نده خۆش بێت

وا ئه و ژنه هه موو رۆژێک دووپاتی ده کاته وه !

ئه ی خودا دووره که ی گونده خاپوور بووه که مان

نه‌تگوت!

ئه و رۆژه ئه و لاق درێژه کێ بوو

وا پێی نا به سه ر مه مکی دایکما؟

شیر فچقه‌ی کردوو ئاسمان خۆره تاو.

خه‌ریکی نوێژتم

له سه ر لاپه ڕه ی ئه مرۆش ستایشم کردی

ئیتر چیت  پێویسته خوداوەندی خۆسووتان؟

نیەتی نوێژی ئه مرۆم

له پەرەگرافی سێهه مه،

فه رزه چوار رسته بۆ رێگاییکی به سۆز

با پیاوەکان زه حمه تی کوژاندنه وه ی ژنه کان بکێشن

موناجاتی ئه مرۆشم له پەرەگرافی ئاخره

خۆزگه به و سالانه ی

وا نه ژن ده یزانی ژن چییه و نه پیاو دەیزانی پیاو!

خۆزگه به و رۆژانه

وا باوه گەورەکانمان

له سه ر کانیاوێک، له سه ر ئه شکه وتێک،

پێشەی مردووه کانی یەکتریان فرێ ده دا بۆ یەک!

مانشێتی ئه مرۆی لاپه ڕه سێ

شایەتیمانێکه بۆ لاشه ی ئه نفالکراوی ژنێکی سووتاو

سه ره تاش،

به ناوی داێکی ته واوی پیاوه له دایک نه بووه کان.